# شەهیدکردنی عوسمان عوزێری و کۆمەڵێک کادر

لە دوای ئەوەی مام جەلال لەگەڵ حکومەت ڕێکەوت و هێزەکانی خۆیان کۆکردەوە، مەلا مستەفا زۆر دڵ پڕ لە قین بوو[١١٢]، بۆیە عوسمان عوزێری برازای حاجی برایم جارێکی دیکە دەستگیر دەکاتەوە، پێشتر عوسمان عوزێری کە لە ئێران گەڕابووەوە، لە ڕادیۆی دەنگی شۆڕش کاری دەکرد، ئەو یەکەم بێژەربوو کە لە ڕادیۆی وتی «ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە»، بارزانی پێیوابوو ئەگەر حاجی برایم نەبوایە مام جەلال و دەستەکەی لە دەستی ڕزگاریان نەدەبوو. هەر بەو هۆیەوە بوو بارزانی عوسمان عوزێری دەستگیرکرد.

بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی کە تا ئێستا زانراون، لە ڕۆژی ١٩٦٦/٦/١٣دا عوسمان عوزێری برازای حاجی برایم و عەریف مەجید و محەمەد حاجی تۆفیق و عەلی حەمدی بە فەرمانی ڕاستەوخۆی بارزانی گۆڕەکانی خۆیانیان پێهەڵدەکەنن و گوللەباران دەکرێن و تا ئێستاش گۆڕەکانیان نادیارە و نازانرێت لە کوێ نێژراون. بۆیە عوسمان عوزێری بوو بە یەکەمین شەهیدی قەڵەم لە شۆڕشی ئەیلولدا، کە بە دەستی غەدر و کورد شەهید کرا.

---

١١٢- عوسمان عوزێری: برازای حاجی برایمی چەرمەگایە. ساڵی ١٩٣٦ لە دایک بووە، گەنجێکی جوان بوو، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەسلێمانی تەواو کردبوو، بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوودەکاتە شاری بەغداد. هەر لەو ساڵانەدا چەندین کتێبی بەچاپ گەیاندوە و لەهەمان کاتدا لە تێزگەی کوردی بەغداد کاری کردووە، پیاوێکی سیاسی و ڕۆشنبیر بووە، هەر لەیەکەم ڕۆژی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ئەیلول بە پێشەنگایەتی سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەکە بەشداری بەرچاوی لە شۆڕشدا کردووە، هەروەها برینداریشکراوە، لە پاشان دەستگیر کراوە. لە دوایدا بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەبێت. لەدوای ئازاد بوونی ڕوو دەکاتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە و وەکو کادری سیاسی کاری کردووە. هەروەها لە ڕادیۆی شۆڕشی ئەیلولیش جێ دەستی دیار بووە و ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە.

عوسمان عوزێری یەکێک بووە لەو پیاوانەی کە هەموو توانای خۆی بۆ گەلی کورد تەرخان کردبوو، هەتا لەو کاتەدا کە بردویانە بۆ ئەوەی کە گوللەبارانی بکەن، ئەم چەند دێڕە شیعرەی وتووە کە دەڵێت:

هەستە تێکۆشە ئەی کوردی هەژار
چاوێک چاکترە لە دوو لەتە چاو

بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا شوێن و گۆڕی ئەو نووسەرە نادیارە خۆی وتەنی:

بێ گۆڕ و شوێن بەدەم باوە.
لاشەم وردە و تورِ دراوە[١١٣].

تاوانی عوسمان عوزێری تەنها ئەوە بوو کە برازای حاجی برایمی چەرمەگا بوو، حاجی برایمیش خاوەنی خۆی بوو، هاوکات هاوکار و یارمەتیدەری مام جەلال و باڵی مەکتەبی سیاسی بوو. هەر لەبەر ئەم هۆکارە بارزانی ڕقی خۆی بەسەر ئەم کەڵە نووسەرەدا داباراند و ئەو ئاواتەی هەیبوو، کە ئازادی کورد و کوردستان و بڵندکردنی ئاستی هۆشیاریی و ڕۆشنبیریی تاکی کورد بوو، چووە گۆڕەوە، هەر کەسێک کە شیعرەکانی بخوێنێتەوە، ئەوکات زۆر باش درک بەوە دەکات، کە عوسمان عوزێری چەند لە خەمی گەل و نەتەوەکەیدا بووە، چ تاوانێک بەرامبەر بەو شاعیرە مەزنەی گەلەکەمان ئەنجامدراوە، لە کاتێکدا

١١٣- کۆپلەیەک لە شێعری عوسمان عوزێری خۆی کە لە دیوانەکەیدا هەیە.

نەدەبوو کۆتایی ئەم مرۆڤە مەزن و جوانە بەم شێوەیە بێت. تەنانەت یەکێک لە جوانترین هۆنراوەکانی، لە ڕووی ئەدەبییەوە، بۆ بارزانی نووسیووە، کاتێک لە ڕوسیا گەڕاوەتەوە، بەناوی (شێری کورد)[١١٤].

بەشێکی زۆری هاوڕێ و هاوخەباتەکانی شەهید عوسمان عوزێری باسی ئەوەیان دەکرد، کە ئاستی هۆشیاریی و تێگەیشتنی هێندە بەرزبووە، کە پێشبینی زۆربەی ڕووداوەکانی کردووە.

شاعیری گەورەی گەلەکەمان لەتیف هەڵمەت لە نووسینێکدا بۆ عوسمان عوزێری دەڵێت: بەداخەوە ئەگەر تەمەن بواری بدایە، دڵنیام تەکانێکی باشی بە شیعری کوردی دەدا و شیعرەکانی پڕن لە هەست و سۆز و خۆشەویستی کوردایەتی، بەڵام بەداخەوە ئەویش بووە قوربانی ململانێی حزبایەتی[١١٥].

کاتێک کە بەرهەمەکانی عوسمان عوزێریم کۆدەکردەوە، سەردانی شێرکۆ بێکەسم کرد و پرسیارم سەبارەت بە ژیانی ئەو لێکرد، کە چی دەزانێت بە هۆی ئەوەی کە هاوڕێی نزیکی بووە، شێرکۆ بێکەس وەها دەستیکرد بە باس کردنی: زۆربەی ڕۆژ من و عوسمان عوزێری بەیەکەوە دادەنیشتین و باسی ئەو بارودۆخەمان بۆ یەکتری دەکرد و هەڵسەنگاندنمان بۆ بارودۆخەکە دەکرد، عوسمان عوزێری بە تێکچوونی ناوماڵی کورد و ئەو دووبەرەکی و ئاژاوەیەی لە نێوان سەرکردەکانی کورددا هەبوو، زۆر بێزاربوو، جار جار باسی ئەوەی دەکرد و دەیوت لەوانەیە لەبەرئەوەی من برازای حاجی برایمم دەستگیرم بکەن، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوەی بەخەیاڵدا نەدەهات کە بەم شێوەیە و دوور لە هەموو

١١٤- ئەم شێعرە لە پاشکۆی کتێبەکەدا دانراوە لە لاپەرە ٢٧٧

١١٥- لە دیوانی شعری شاعیر عوسمان عوزێری.

بەها و ئەخلاق و کەلتوورێکی کوردەواری شەهید بکرێت، چونکە عوسمان عوزێری پیاوێکی زۆر پاک و کوردپەروەر بوو، هیچ کات شایەنی ئەوە نەبوو، کە ئەوەی لەگەڵدا بکرێت[116].

هەروەها شێرکۆ بێکەس دەربارەی عوسمان عوزێری وتی: ڕۆژێک پیاوەکانی بارزانی هاتن و بردیان، ئیتر ئەو هەرگیز نەگەڕایەوە، زۆرمان پێناخۆش بوو، ئەوکات شەهید ساڵح یوسفی بەرپرسمان بوو، ئەو زۆر عوسمان عوزێری خۆشدەویست و زۆر مەبەستی بوو کە عوسمان عوزێری ئازاد بێت.

شوێنی ئێزگە لەلایەن فڕۆکەکانی حکومەتەوە کەشف ببوو، ڕۆژانە فڕۆکە بۆمبارانی دەکردن، بۆیە بە ناچاری ئەو ناوچەیە چۆڵ دەکەن و شوێنی خۆیان دەگۆڕن. ئێزگە دەبەنە نزیک بارەگای بارزانی لە ناوچەی چۆمان، بارزانی جار جار سەردانی ئێزگەی دەکرد، شێرکۆ بێکەس ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: ساڵح یوسفی بڕیاریدا بوو، کە قسە لەگەڵ بارزانی بکات و داوای لێبکات عوسمان عوزێری ئازاد بکات، بارزانی دەچێتە لایان و پێیان دەڵێت چیتان پێویستە هەتا بۆتانی ئەنجام بدەم، ساڵح یوسفی ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوە و دەڵێت: جەنابی سەرۆک تەنها یەک داوامان هەیە لە بەڕێزت.

بارزانی دەڵێت: داوای چیتان هەیە.

ساڵح یوسفیش دەڵێت: دەمانەوێت عوسمان عوزێریمان بۆ ئازاد بکەیت، لەوە زیاتر هیچمان پێویست نییە.

بارزانی لە وەڵامیاندا دەڵێت: هەرشتێک کە داوای دەکەن بەسەر

---

116- لە زاری شێرکۆ بێکەس کە بۆ نووسەری گێڕاوەتەوە لە کاتی کۆکردنەوەی دیوانی عوسمان عوزێری لەلایە نووسەرەوە. شێرکۆ بێکەس لە بیرەوەرییەکانیشیدا (نووسین بە ناوی خۆڵەمێش) باسی ئەم ڕووداوەی کردووە.

چاو بۆتان ئەنجام دەدەین، بەلام مەحالە کە عوسمان عوزێری ئازاد بکەین[١١٧]!

شێرکۆ بێکەس ئەم پارچە شیعرەشی بۆ شەهیدبوونی عوسمان عوزێری نووسیووە:

کەس نەیزانی ئەو چۆن کوژرا؟!
شایەتی ئێمە بە تەنها
کۆترە شینکەیەکی شاخ و
پەلە هەورێکی کۆچەری و
گەلای شیعری بوو «با» بردی !
کەس نەیبینی لە کوێش نێژرا ؟!
ئەو چاوانەی لەو شەوەدا،
لەگەڵ چاوی دوارۆژدا بوون و
بینیان لە کوێ نێژرا:
چاوی درەختێکی تەنیا و
چاوی بەردێکی سەرەڕێ و
چاوی لێڵی کانییەک بوون.
لەو دۆڵەدا
ئیتر مێژوویان قفڵ دا و...
لەو چاڵەشدا ئەویان تیا کوشت
هەر لەوێشدا پرسیاریان کوشت!
نهێنیشیان هەر بە جلی خۆیەوە ناشت.

---

١١٧- لە زاری شێرکۆ بێکەس کە بۆ نووسەری گێڕاوەتەوە لە کاتی کۆکردنەوەی دیوانی عوسمان عوزێری کە کۆکردنەوە و ساخکردنەوەی نووسەرە. لە پەرتووکی نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش باسی ئەم ڕووداوەی کردووە.

بەلام ئێستا
یەک کوترە شینکە ... هەزارە
فرمێسکی یەک پەڵە هەور .. چەند ڕووبارە
گەڵا شیعری چەندین پەنجەرەی ناو شارە
مێژووش بوومەلەرزە لێی داو
قفڵ شکا و، نهێنی هەر بەو جلانەوە
گەڕایەوە و، ئەوەتا وا
پرسیار زیندوو ئەبێتەوە و
پرسیار زاوزێ ئەکات و
هەموو ساڵێ، سەردانەوەی برینەکانی (عوزێریش)
لەسەر (هەڵگورد)
زەردەخەنەی دەم گوڵجارە...

## گرتنی ملکۆ و سیامەند و عومەر شەریف

ملکۆ و سیامەند و عومەر شەریف، کاتی خۆی لە ناوچەی گەرمیان باڵی مەکتەبی سیاسی بە فەرماندەی کەمال موفتی چووبوونە سەریان و دەستگیرییان کردبوون، بە دیلی هێنایانە گوندی کرژە و لەوێ زیندانی باڵی مەکتەبی سیاسی بوون، دیارە گوندەکانی کرژە و چەرمەگاش زۆر لەیەکەوە نزیک بوون، وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، هەواڵی ئەوە بڵاوبووەوە، کە بارزانی (عوسمان عوزێری، عەلی حەمدی، مەحمودی حاجی تۆفیق و عەریف مەجید)ی شەهید کردووە! کە هەموویان سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی بوون. بۆیە ئەمە کەشێکی خراپی دروست کردبوو، کە گیانی تۆڵە تەواو زاڵببوو، نەک ڕۆحی لێبووردن، ئەوەبوو (باڵی مەکتەبی سیاسی) لەگەڵ چەند گەنجێکی خزمی کوژراوەکان، لەمانگی ١٩٦٦/٧دا، واتە دوای چەند ڕۆژێکی کەم، وەک تۆڵەسەندنەوە، ئەو سێ کەسەیان کوشت. ئاشکرایە ئەو کوشتارەی لەلایەن هەموو لایەکەوە ئەنجامدرا هەڵەیەکی گەورە بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی برینەکان زیاتر قوڵببنەوە، لەو نێوەندەشدا کۆمەڵێک کەس ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە و لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن، هەرچەندە بەوەشەوە نەوەستان لە دواجاردا کۆمەڵێک کەسی دیکەی بێتاوانیان تیرۆر کرد، کاتێک حاجی برایم و مەجید ڕۆستەم بەم کارەیان زانی تەواو نیگەران بوون، بەلام کار لەکار ترازابوو.

# دەستگیرکردنی عوسمان عوزێری

کاتێک کە دەگەنە گوندی کانی سێف، دەبینن چەند پێشمەرگەیەکی دیکەش لەگەڵ عوسمان عوزێری لەوێن، هەندێکیان خزم و کەسوکاری خۆین، لەو کەسانەی کە لەگەڵ عوسمان عوزێریدا دەبن: محەمەد حەمەعەلی ڕۆستەم، ئیبراهیم ئەحمەد کە ناسراو بوو بە (بلەی ئەحە دیانە)، ئەحمەد فارس، حەسەن حەمدی کە بە حەسەن خاوێی ناسرابوو، ئەو گروپە پێشمەرگەیەش کە گەیشتبوون، دەچنە لایان و لە دوای پشوودان و نانخواردن دەست بە گفتوگۆکردن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە دەکەن.
عوسمان عوزێری بۆ پێشمەرگەکانی ڕووندەکاتەوە کە ئەو نوێنەری باڵی مەکتەبی سیاسییە و بە فەرمانی ئەوان هاتۆتە ئەو ناوچەیە، هەتا پێشمەرگەکان کۆبکاتەوە، پێشمەرگەکان لێی دەپرسن باشە ئەگەر ڕووبەڕووی پێشمەرگەکانی بارزانی بووینەوە فەرمانی تەقەمان هەیە، لە وەڵامدا عوسمان عوزێری دەڵێت: هەتا بۆمان بکرێت نەخێر، کفرە پێشمەرگە ڕووی چەکی بکاتە برا پێشمەرگەکەی، هیچ کاتێک شتی وا نابێت و ئەوە هێڵی سوورە، مەگەر ناچارمان بکەن[٥٩].پاشان بە پێشمەرگەکان دەڵێت: لێرە چاوەڕێی کاک عەلی عەسکەری دەکەین، کە بە خۆی و ٣٠٠ کەسەوە لە ماوەتەوە بەرێوەن بۆ ئێرە، بە گەیشتنی ئەوان ئەو کاتە بڕیار دەدەین کە چی بکەین، ڕەنگە ئەم شەو یان سبەینێ بگەن. شەو دادێت و پێشمەرگەکان بۆ خۆپاراستن بە چواردەوری گوندەکەدا دابەشدەکەن، لە سەعات ٤ی بەرەبەیاندا، لە چواردەوری

---

٥٩- نووسینێکی بڵاونەکراوەی شێخ عەزیز کە لەگەڵ عوسمان عوزێری بووە، هەروەها محەمەدی حەمە عەلی چەرمەگاش ئەو کاتە لەگەڵیان بووە و ئەم ڕووداوەی پشتڕاستکردۆتەوە.

گوندەکە ئاگر دەکرێتەوە و عەبدولوەهاب ئەتروشی هێزێکی زۆری بۆ سەر گوندەکە ناردبوو و چواردەوری گوندەکەیان گرتبوو، دیار بوو هەواڵی پێدرا بوو کە عوسمان عوزێری لەوێیە و شێخ عەزیز و چەند پێشمەرگەیەکی دیکەش پەیوەندییان پێوە کردووە و چوونەتە لای باڵی مەکتەبی سیاسی.
شێخ عەزیز بە عوسمان عوزێری دەڵێت: نازانم چی بڵێم، تۆ بۆ قسە ناکەیت ئێمە چی بکەین؟ جیهازەکە ئیش ناکات و فیشەکیشمان ئەوەندە زۆر نییە، کاک عەلی عەسکەریش، کە بڕیار بوو بێتە لامان تا ئێستا دیار نییە و ڕەنگە هەر نەشهێتە ئێرە، هیچ کۆمەک و کەسێکیشتان لەم ناوچەیەدا نییە. لە هەمووی گرنگتر فەرمانی تەقەکردنیشتان پێ نییە، یان دەبێت خۆمان ڕادەستیان بکەین، یان دەبێت لە ڕێگەی ئەشکەوتی سەید عەتای شێخ ڕەزاوە بچینە بەشی، ئەو دیوو، هەتا خۆمان دەرباز دەکەین و بەرەو ماوەت بەڕێ دەکەوین، چەندێک پێمانکرا شەڕ دەکەین یان دەرباز دەبین یان دەکوژرێین.
عوسمان عوزێری دەڵێت: شتی وا نابێت، باشترە بچینە لای ئەوان، ئێمە نامانەوێت ڕووی چەکەکانمان بکەینە برا کوردەکانمان[٦٠]، لەوکاتە هەستیارەشدا ئەو بیری لەوە دەکردەوە کە نابێت کورد بە دەستی کورد بکوژرێت، هەرچەندە، لە کۆتایدا خۆشی بە دەستی کورد و بە خیانەت شەهید کرا، دەڵێت: هیچ کات ئامادە نیم ڕێگە بدەم خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕێژێت، ئەوە هێڵی سوورە و خیانەتە، لەبەرئەوەی ئەوانیش سوێندیان خواردووە بە خاکی پیرۆزی کوردستان، باوەڕناکەم هیچ نیازێکی خراپیان هەبێت،

٦٠- نووسینێکی بڵاونەکراوەی شێخ عەزیز کە لەگەڵ عوسمان عوزێری بووە، هەروەها محەمەدی حەمە عەلی چەرمەگاش لەو کاتە لەگەڵیان بووە و ئەم ڕووداوەی پشتڕاستکردۆتەوە.

چونکە ئێمە بۆ گفتوگۆ و چارەسەری کێشەکان دەچین.
دەکەونە ڕێگە بەرەو لای عەبدولوەهاب ئەتروشی، عوسمان عوزێری و شێخ عەزیز و محەمەد و مەحمود عەلی دەچن، کاتێک دەگەنە مەرکەزەکەی پێنجوێن، دەیانبەنە ژوورێکەوە و دایاندەنیشێنن، بەڵام هەست بە شڵەژان و تێکچوونی بارودۆخەکە دەکەن، چونکە پێشمەرگەیەکی زۆریان هێنابووە ناو مەرکەز و لە ئامادەباشیدا بوون.

شێخ عەزیز دەڵێت: «لە دوای نیو کاتژمێر عەبدولوەهاب ئەتروشی هاتە ناو مەرکەزەکەوە» و هاوار دەکات، هەر لە دوورەوە بانگ دەکات و دەڵێت: ئەو سەگبابی خائینانەتان دەستگیر کرد؟ هێناتانن؟ کوان لە کوێن؟ وادەزانێت ئێمە گیراوین، زۆر نامەرد بوون ئێمە بۆ ئەوە چووین، تا دانیشتن بکەین، کەچی دەستی کرد بە جنێودان و وتی: کوا عوسمان با لەناو مەرکەزەکە بێتە دەرەوە؟ ئیتر لەگەڵ قسەکانی عەبدولوەهاب ئەتروشیدا پێشمەرگەکان هەموو لە سەربان و ناو مەرکەزەکەوە دەستدەکەن بە میلهێنانەوەی چەکەکانیان و هاوار دەکەن نەجوڵێنەوە، کەس دەست نەکاتەوە و بەبێ چەک وەرنە دەرەوە، ئەگەر نەیەنە دەرەوە هەمووتان دەکوژرێن. ئیتر ئاوا بە فێڵ و تەڵەکەبازی و درۆ دەستگیریان دەکەن[٦١]، عوسمان عوزێری دەچێتە دەرەوە، کە دەبینێت ئەو هەموو هێزە هاتوونەتە ناو مەرکەزەکە بۆ ئەوان سەری سوڕدەمێنێت، ئاخۆ ئەوان دەبێت تاوانی چییان کرد بێت؟ وا ئەو هەموو هێزەیان بۆ هێناون؟ ئایا ئەوان دوژمنی ئەم گەل و خاکەن؟ ئەگەر وا نییە بۆچی ئەم هەموو هێزەیان کۆکردۆتەوە؟!

٦١- نووسینێکی بڵاونەکراوەی شێخ عەزیز کە لەگەڵ عوسمان عوزێری بووە، هەروەها محەمەدی حەمە عەلی چەرمەگاش ئەو کاتە لەگەڵیان بووە و ئەم ڕووداوەی پشتڕاستکردۆتەوە.

لەگەڵ چوونە دەرەوەی عوسمان عوزێری، هێرش دەکەنە سەری و دەستدەکەن بە لێدانی، وەک ئەوەی دوژمنیان دەستگیر کردبێت. ئەو شێوازە ناشرین و دوور لە ئاکاری مرۆڤایەتیەی بەرامبەری بەرجەستەی دەکەن، ئەگەر بکەوتایەتە دەستی دوژمن هەرگیز وایان پێ نەدەکرد و بەو شێوازە مامەڵەیان لەگەڵدا نەدەکرد. زۆر درندانە و دوور لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی و کوردایەتی هێرش دەکەنە سەری، لە حەوشەی مەرکەزەکەدا رایدەکێشن، کەمالی شێخ غەریب بەپێی لەقەوە دەچێتە سەری و بە قوناغە تفەنگ و پشتێنی فیشەکدان زۆری لێدەدات. لە دوای ئەوەی لە لێدان و جنێوودان ماندووبوون، بەرەو زیندان ڕایانکێشا. دواتر کەوتنە لێدانی ئەوانی دیکە، هەرچییەکیان پێکرا دریغییان نەکرد. وەک ئەوەی ئەو گروپە کورد نەبن و دوژمنی گەلی کورد بن و دەستیان هەبوو بێت لە کوشتنی چەندان گەنج و پیر و لاوی کورددا. لە ڕاستیدا تاوانی ئەم کەسانە تەنها ئەوە بوو کە لەگەڵ مەلا مستەفا بیروڕایان جیاواز بوو، چووبوونە لای باڵی مەکتەبی سیاسی و تاکڕەوییەکانی مەلا مستەفایان قبووڵ نەبوو.

مەلا مستەفا و فەرماندە و پێشمەرگەکانی کە سەر بە باڵی مەلا مستەفا بوون، هیچ سەرنج و فکرێکی خۆیان لە سەر دوژمنانی گەلی کورد نەبوو، بەڵکو هەموو سەرنج و هێز و توانای سەربازیی و فکریی خۆیان لەسەر ئەوەبوو کە چۆن بتوانن زیان بە باڵی مەکتەبی سیاسی و ئەو کەسانەی کە لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیدا بوون، بگەیەنن. هەتا مەلا مستەفا پاداشتی هەر کەسێکی دەکرد، کە بتوانێت زەرەر و زیان بە باڵی مەکتەبی سیاسی بگەیەنێت، بەشێوەی ماددی یاخود بە بەرزکردنەوەی پلە و پایەی سیاسی لە ناو پارتیدا.

## زیندانیکردنی عوسمان عوزێری

لە دوای ئەوەی عوسمان عوزێری و ئەو کەسانەی لەگەڵیدا بوون، دەستگیرکران و لە لایەن پێشمەرگەکانی مەلا مستەفاوە زۆر بەدڕندەیی ئەشکەنجەدران و ڕاپێچی زیندانیان کردن، لە زیندان عەبدولوەهاب ئەتروشی پێیان دەڵێت: لە ئێوە خائینتر و ناحەزتر نییە، ئێوە دوژمنی گەلی کوردن[٦٢].

تا نزیکەی هەفتەیەک بۆ دە ڕۆژ لە لای خۆیان هێشتیانەوە و ڕاپۆرتی ساختەیان بۆ بارەگای بارزانی نووسی، لە ڕاپۆرتەکەدا نووسیبوویان لە دوای شەڕێکی سەخت و گران چەندین شەهید و بریندار توانیمان چەند خائینێک بگرین، لە دوای ئەوە عوسمان عوزێری و شێخ عەزیز و پێشمەرگەکانی دیکە کە لەگەڵیاندا دەبن بە ئۆتۆمبێل بۆ بارەگای بارزانی دەنێرن.

شەوەکەی لە دوای کاتژمێر هەشت دەگەنە بارەگای بارزانی، دەیان بەن بۆ لای بارزانی، هەندێکیان وابیریان دەکردەوە کە بارزانی لێیان خۆش دەبێت، بارزانی سەیریان دەکات و جگەرەیەک دادەگیرسێنێت و لێیان دەپرسێت کامتان عوسمان عوزێرین، عوسمان عوزێری هەڵدەستێت و بە بارزانی دەڵێت سەرۆک منم، بارزانی لێی تووڕە دەبێت و هاوار دەکات و دەڵێت : (دانیشە سەگی سەگباب، بەرپرسەکانتان سەرۆکن، ئێوە بۆخۆتان سەرۆکن، دەبێت بەشێوەیەکی وا بتانکوژم کە ببن بە مێژوو بۆ گەلی کورد، دەبێت بە دار و عەموددا (ستوونی کارەبا) بتان بەستمەوە هەتا داڵ و قەلەڕەش بتانخوات و بە ئازارەوە بمرن)[٦٣].

---

٦٢- نووسینێکی بڵاونەکراوەی شێخ عەزیز کە لەگەڵ عوسمان عوزێری بووە.

٦٣- نووسینێکی بڵاونەکراوەی شێخ عەزیز کە لەگەڵ عوسمان عوزێری بووە.

بارزانی جووتێک کڵاشی تازەی هەورامی لەپێدا بوو، تاکێکی دادەکەنێت و لە عوسمان عوزێری دەچێتە پێشەوە و پێیدەڵێت: ئەمە تۆ خەریکی چیت لەگەڵ جەلە و بلە (جەلال تالەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد)، دەتەوێت کورد ڕزگار بکەیت؟ تاکە کڵاشەکە بە توندی دەدات بە ناو دەمیدا، خوێن لە دەم و لوتیەوە دێت، پاشان هەر بەو تاکە کڵاشە هەتا ماندوو دەبێت دەکەوێتە لێدانی سەری و پێیدەڵێت: ئێوە کورد ڕزگار دەکەن، ئێوە خۆتان بە کورد دەزانن، من پێم نەوتن مەبن بە پیاوی کەس، نەک ببن بە پیاوی بلە و جەلە[٦٤].

لە دوای ئەوەی کە ئیسراحەت دەکات و کڵاشەکەی لە پێ دەکاتەوە، جارێکی دیکە هەڵدەستێتەوە و بە شەق دەست دەکاتەوە بە لێدانی، لوقمانی کوڕی بارزانی پێیدەڵێت: بابە تۆ ماندوو بوویت، فەرمان بکە چییان لێ بکەین، ئیتر لێی بگەڕێ بۆ ئێمە. بارزانی بە توڕەییەوە دەڵێت: (تۆ نازانی مرۆڤ ئەگەر بەراز بکوژێت یان لێی بدات گوناهی هەڵدەوەرێت؟)[٦٥].

بارزانی هەموو ئەو کەسانەی کە ئەویان قبووڵ نەبوو وەک کافر و خائین و خۆفرۆش سەیری دەکردن، تەنها و تەنها خۆی لە سەر حەق دادەنا، ئەگەر بارزانی لە جیاتی ململانێکردن و دواکەوتنی ئەو کەسانەی کە ئەویان قبووڵ نەبوو، هێز وتوانای خۆی لە بەرامبەر دوژمندا بەکاربهێنایە، کورد لەو ڕۆژگارەدا دۆخێکی دیکەی دەبوو، بەڵام ئەو بەردەوام خەریکی قوڵکردنەوەی ناکۆییەکانی ناو گەلی کورد بوو، ئەمەی ئەو دەیکرد ویست و ئەجێندای بنەڕەتی دوژمنانی کورد بوو.

---

٦٤- نووسینێکی بڵاونەکراوەی شێخ عەزیز کە لەگەڵ عوسمان عوزێری بووە.
٦٥- نووسینێکی بڵاونەکراوەی شێخ عەزیز کە لەگەڵ عوسمان عوزێری بووە.

ئەم بارودۆخە نەک بەتەنها یارمەتیدەرێکی گەورە بوو بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەوشەکەیان وەک هەلێک دەبینی بۆ ئەوەی ئەم ناکۆکی و ململانێیە بەردەوام بێت، بەڵکو لەڕاستیدا وەک ئامانجێکی گرنگ بە بایەخەوە لێیان دەڕوانی. پاشان عوسمان عوزێری و شێخ عەزیز دەبەنە ژوورەکەی مەسعود بارزانی و ئەویش لەوێ دەستدەکات بە تف لێکردن و جنێودانیان.

دواتر هەموویان دەبەن و لە گوندی سولتان دێ زیندانییان دەکەن، شەوەکەی دەیانهێننە دەرەوە، دەبینن نزیکەی ١٠٠ کەس زیاتر زیندانیکراون، کە بەشێکیان بەرپرسیارێتیشیان هەبوو، لەوانە نوری شاوەیس، دکتۆر سەید عەزیز شەمزینی، مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا، مامۆستا حەمدی (عەلی حەمدی) ناسراو بە مامۆستا مەردان، ئەو کاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، لەوێوە دەیانگوازنەوە بۆ بەندینخانەی سەنگەسەر، پاش ماوەیەک هەندێک لەو کەسانەیان ئازاد کرد.